# گوتاری باو و بەرجەستەکردن

## لە شانۆگەری

## تەپڵ و بەرد دا

رزگار حەمە ڕەشید

## بەشی سێیەم



- **قاپێك هەنار**: بوونی میوە لە دونیای هونەر و ئەدەب دا ڕەگ و ڕیشاڵی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کلاسیك و لەوێشەوە بۆ ناو میثۆلۆجیا، کە میوەکان بۆ دەرخستنی خەسڵەتی خواکان (بە ژن و پیاوەوە) بەکار دەهاتن. ترێ بۆ باکەس "خوای شەراب"، چنگێك گەنمە شامی یان گوڵە بەڕۆژە بۆ سیریس "خواژنی گەنم و کشتوکاڵ"، یان وەك میتافۆر بۆ بەخشندەیی و پیسکەیی. هەروەها چەندین دەرکەوتنی ترێ خواردن و میوە لە بەرهەمە هونەریەکان دا لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ کە ڕەنگە زۆربەیان هەڵگری سیمبۆلیزم بن لە بەکار هێنانەکانیان دا. زۆرترین و فراوانترین و ئاشناترین بەکارهێنانیش پێدەچیت سێو بێت، ئەمەش لەبەر چەند هۆیەك؛ یەکەم بەهۆی واتا فەرهەنگیەکەیەوە لە زمانی لاتینیدا سێو و شەیتان هەمان ووشەیان بۆ بەکار دێت ئەویش ووشەی مالووم " (Malum)ە بە مانای شووم، خراپ، شەیتان، هەروەها بە مانای سێویش بەکار دێت. سێو بەستراوەتەوە بە درەختی زانینەوە، ئەو کاتەی حەوا سێوە حەرامەکە دەخوات و دەبێتە هۆی کەوتنە خوارەوەی مرۆڤ. لێرەوە دەمەوێت بەناو ئەو مێژووە سیمبۆلیستیکەی بەکارهێنانی میوەدا باز بدەم و بێمە سەر بەکار هێنانی قاپێك میوە لە تەپڵ و بەرد دا. سەرەتا سەرنجی ڕاگوزەری ئێمەی بینەر دابەش دەبێت بەسەر کۆی سینۆگرافیای نمایشەکەدا و لە بەکارهێنانە تایبەتیەکانیانەوە سەرنجمانیان بۆ دەگوازرێتەوە. لەم کۆنتێکستەدا تێڕوانینی ئێمە بۆ قاپەکەش لە سەرەتاوە تەنها قاپێکە و میوەی تیادایە و ڕەنگە لەو باوەڕەشدا بین کە

دانانی ئەو قاپە تەنیا هەر ڕازاندنەوەیەك بێت و وەك لە زۆر کاریتردا بینیومانە لە کاتێکی تووڕەییدا قاپەکە فڕێ بدات و میوەکان بەو ناوەدا پەرش و بڵاو ببنەوە. بەڵام کاتێك تالە باسی خونچە دەکات و ئەوڕۆژەی دوو کۆمۆنیستەکەیان کوشت، ئەم ڕێی پێ دەگرێت و داوای هاوسەرگیری لێ دەکات. لەو کاتەدا لە بەردەم قاپە میوەکەدا دادەنیشێت و بەدەم گێڕانەوەی ئەو ڕۆژەوە میوە پاك دەکات. ئەوەی دەکرا چاوەڕێ بکرێت لە گێڕانەوەیەکی لەو جۆرەدا و ڕەفز و ئێکسپێکتەیشنی خونچە بۆ ژیانێکی ئاسوودە، لە بەکارهێنانێکی تەقلیدی میوەکاندا، دەکرا چاوەڕێی سێو بکەین. بەڵام هەنار دەبینین و قاپەکەش هەمووی هەنارە. خوێندنەوەی هەنار لەناو ئەو میتۆدە میثۆلۆجیەشدا ئاماژەیە بە قوربانیدان، خوێنی خۆ بەخشین. لێرەدا تالە بە گاڵتە جاریەوە لە زمانی خونچەوە دەڵێت: گوڵ نە بێ بۆ سەرم زەرد چەپکێ، ئاڵ چەپکێ، نایکەم من زەماوەند، نایکەم من هەڵپەڕکێ. ئەم دێڕە دەستکاری کراوەی گۆران دەمانباتەوە سەر چیرۆکی گیان بەختکردنی عاشقێك لە پێناو بەدیهێنانی ئارەزووی خۆ ویستی دەزگیرانەکەیدا. بەڵام تالە زۆرتر دەڕوات و باسی شەڕی ناوخۆ و یەکتر کوشتن دەکات و لەو کاتەدا ئاوی هەنارەکە وەك خوێنی قوربانیەکان بە دەستی تالەدا دێتە خوارەوە، تالە بڕیاری جێهێشتنی وڵات دەدات و دەنکە هەنارەکان، کە بەشێوەیەکی تۆکمە لە ناو توێکڵەکەدا بەیەکەوەن، لەبەر یەك هەڵدەوەشێن. ئەم بەکار هێنانە شانبەشانی گوتاری باوی نمایشەکە ڕامان دەکێشێتەوە بۆ پرسیاری هاوڵاتی بوون و کوشتنی گیانی لێپرسیارێتی لای نەوەیەك کە تا ئەو کاتە ئامادە بووە قوربانی بە خۆی بدات لە پێناوی ژیانێکی باشتردا بۆ هاوڵاتیەکانی تر، کە لە گوتارە باوەکەدا دەڵێین: لە پێناوی نەوەی داهاتوو دا. بەڵام کە وڵاتێك نامێنێت بۆ هاونیشتمانیەکان و لە ژێر فشاری شەڕە ناوخۆییەکان و خیانەتەکان و کوشتنی بیری جیاوازو هەلا هەلا بوونی نەخشەی بەرژەوەندیە هاوبەشەکان بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵێك مافیا، دەستکاریکردنی ڕەوتی بەرەو پێشچوونی کۆمەڵگا بە ئاراستەی پێچەوانە، ئیتر دوا تروسکایی ئومێدی ئەو نەوەیە خەفە دەکرێت، لێرەوەیە کە زۆربەی گەنجەکانمان، وەك تالە دەربەدەری سنوورەکان دەبن، هەرچەندە بە ئاشکرا ئەزموونی لانی کەم ٢٥ساڵی خنکانی ئەوانەی پێشخۆیی لەبەر چاوە لە دەریای ئیجە دا، کەچی هێشتاش ئەو ڕێگا مەترسیدارەی کە ئومێدی پەڕینەوەی ڕەنگە لە سەدا ٤٠ کەمتر بێت هەڵدەبژێرێت. ئەمەیان قورانیدان نییە، بەڵکو بڕیارێکی خۆ کوژییە. دەنکە هەنارەکان لەبەر یەك هەڵدەوەشێن و خوێنیان لێ دەچۆڕێت. من پێموایە بەکارهێنانی قاپە هەنارەکە، یەکێکە لە سیمبۆلی ترین کەرەستەکانی نمایشەکە کە هاوشانی گوتارە شانۆییەکەیە.

- **تاقمی ڕیش تاشین و ددان شتن**، جگە لەوەی زیاتربۆ دروستکردنی ئەتمۆسفێری نمایشەکەو پیشاندانی ژیانی ڕۆژانەی کارەکتەرەکە بەکار هاتبوون، لە هەمان کاتدا دەکرێت وەك کۆمەڵێك هێما لێیان بڕوانین. لە خوێندنەوەی سیمۆلۆجیدا، ڕیش تاشین خۆ ئامادەکردنی پیاوە بۆ دەست پێ کردن بە ڕۆژێکی نوێ، بەڵام تالە ڕیش دەتا شێت و ڕیشەکەش هەر لە جێی خۆیەتی، ڕەنگە ئاماژە بێت بەوەی هیچ ڕۆژێکی نوێ چاوەڕێی کارەکتەرەکەمان ناکات. بۆ تالەی لەناو کەمپ دا جێگیر، هەموو ڕۆژەکان وەك یەکن،

هیچ شتێکی نوێ ڕوو نادات، جگە لە چاوەڕوانییەکی بەردەوام بۆ نامەیەك کە ڕەنگە سەرلەبەری ژیانی بگۆڕێت.

**ئاو:** وەك یەكێك لە پێنج ئەلەمێنتە" ڕەگەز" سەرەكیەكان" ئاگر، زەوەی، ئاو، دار،ئاسن"، ئاویش دەكرێت سەرچاوەی ژیان و ژیان بەخشین بێت، دەشكرێت وێرانكەر و فەوتێنەر بێت. ئاو دەتوانێت هەڵگری مانای سەفەر بێت. بەشێكی زۆری سەفەرەكانی مرۆڤ بە ناو ئاوو بەسەر ئاوو تەنیشت و یانیش بەرەو ئاو بووە. لە سەرەتای شارستانیەتدا مرۆڤ هەوڵی دەدا لە نزیك ڕوبار و دەریاكانەوە نیشتەجێ ببێت، چونكە سەرچاوەیەكی سەرەكیە بۆ كشتوكاڵ و خواردەمەنی، بۆ بەردەوامبووانی ژیان. لە ڕوانگەی سپیریچواڵیشەوە ڕەگەزی ئاو هێمایە بۆ سۆزداریمان، چونكە هەمیشە لە هەڵكشان و داكشاندایە. ئەوەی لەم بەكارهێنانەدا گرنگە، ڕەگەزە سرووشتیەكەی بەكارهێنانە باوەكانیەتی، وەك هۆیەك بۆ پاككردنەوە؛ وەك جێگایەك بۆ گێڕانەوەی خەونەكان" وەك ئەوەی زۆر جار بیستوومانە"، وەك بە ڕابردوو كردن و پاڵ پێوە نانی یادگارییەك یان ڕووداوێكی تێپەڕیو. ئەوكاتەی تالە باسی سەفەرەكەی خۆی و عەبە دەكات، لە پێشی كەشتیەكەدا، دەكرێت زۆرێك لەم



دەلالەتانەی لێ بار كرابێت. چونكە وەك پێشتریش باسمان كرد بێئومێدی لەم وولاتەدا گەیشتۆتە شوێنێك، كۆچبەران بە كەمترین چانسی پەڕینەوە ڕازین و خۆ كوژیانە لە دەریاكان دەدەن. لێرەدا مەبەستم ڕەگەزی ئاوە وەك لەناوبەرێكی ترسناك. عەبە خۆی كوشتووە، تالە پێویستی بە گوێگر هەیە لەو كەمپە چۆڵەدا، ئاو دەبێتە هاوڕێ، ڕەگەزی ئاو وەك هاوڕێی مرۆڤ لە بەردەوامبوونی ژیان دا. عەبەش دەبێت بە ڕابردوو وەك ئاوێك كە بەژێر پردێكدا دەڕوات Water under bridge . مرۆڤ پێویستی بە دۆزینەوەی ڕێگایەك هەیە تا خۆی لەو بیرەوەری و ڕوداوانەی, كە ڕەنگە دوچاری وەستان و خنكانی بكەن, ڕزگار بكات.

## ماویەتی